# سەردەمی بێبایەخبوونی نووسین

ئاڤان مەجید

والتەر بینیامین لەشوێنێکدا ئەڵێت نووسەران بۆیە کتێب دەنووسن، چونکە ئەو کتێبانەی دەیانخوێننەوە بەدڵیان نیە، ئەگەر ئێمە ئەوقسەیەی بینامین( ئەو فەیلەسوفە بەدبەختەی کە لەترسی ئەوەی نەکەوێتە دەست نازییەکان خۆی لە شاخێکی بەرز فرێدایە خوارەوە) وەربگرین و ئەو واقیعەی ئەمڕۆی نووسینی کوردی پێ بخوێنینەوە، ئەوا ئەتوانین لەسەر هەمان ریتم بڵێین (نووسەران بۆئەوە ئەنووسن، چونکە هەست بەشکست ئەکەن ئەگەر نەنووسن)، نووسین لەدونیای ئێمەدا بۆتە شتێکی بێمانا، زۆرێك لەنووسەر و رۆژنامەنووسانی ئێمە، دەنووسن تا پێمان بڵێن ئێمەش هەین، یا هێشتا ئەتوانین بنووسین، لەپاڵ ئەو لێشاوی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەو لەشکری گۆڤارو رۆژنامانەدا، گومان نیە کە رێگا خۆشکەرە بۆ دەرکەوتنی دەیان دەنگی نەشاز، دەیان نووسینی بێبەها، ئەمە جگە لەوەی دەبێت بە مەیدانێك بۆ تەشهیرو شکاندن وسوکایەتی بەیەکترکردن، نووسین لە ناو ئێمەدا بووە بە مۆد، بۆئەوەی بۆ هاوڕێکەی بسەلمێنێ کە ئەویش توانای نووسینی هەیە، دەست ئەکا بەنووسین، یەکەم وتاریشی رەخنەگرتنە لە پەرلەمان و دەسەلآت! بێ ئەوەی ئاگاداری سیستمی بەڕێوەبردنی ولاتەکەی بێت.یان ئاگاداری لایەنی کەمی چۆنیەتی کارەکانی پەرلەمان وکۆبونەوەکانیو بڕیارەکانی بێت، یەکێکی تر لە ئیشکالیەتەکانی ئەم دیاردەیە، کە گرفتێکی گەورەیشە لەهەمان کاتدا، بریتیە لە دزین و وەرگرتنی نووسینی کەسانی تر، یا وەر گێڕان و بلآو کردنەوەی بە ناوی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەو شوێنی وەرگرتنی بابەتی یەکەم بدەن..

کەڵکەڵەی نووسین بە چوار ساڵ ڕامبۆی فەرەنسی کرد بە گەورەترین شاعیری سومبولیستەکان، دواتر بوو بە بازرگان و زۆربەی ژیانی لەناو کەشتی و ژماردنی پارەی قازانجدا بەسەر برد، کاتێکیش وتیان وەرە و تۆ شاعیرێکی گەورەی فەرەنسایت، ئەو ئیدی شاعیر نەبوو، غەدری لە نووسین نەکرد. بۆ ئەبەد قەسیدەیەکی تری نەنووسی ، خوان رۆلفۆ نووسەری گەورەی مەکسیکی، بەتەنها بە نووسینی رۆمانێکی (١٤٠) لاپەڕەیی(پیدرۆ پارامۆ) بوو بەیەکێك لە پایەکانی رۆمانی ئەمریکای لاتین، کەهەرگیز رۆمانی تری بەدوادا نەهات.

نووسین بەرلەوەی قسەیەك بێت بۆ بەرامبەر، عەشقێکە لەناوەوە، بەرلەوەی قسەیەك بێت بۆ خەڵك، ئەوینێکە لەدەروونەدا. بەلآم پێدەچێ سەردەمی ئێمە سەردەمی بێبایەخ بوونی نووسین بێت، هەمووومان بووین بەقسەکەرو، کەسمان بە گوێگر، هەمووومان بەشاعیرو چیرۆکنوس و کەسمان بەخوێنەر، هەمووومان بووین بە مۆسیقارو گۆرانی بێژ، کەسمان بەتەماشاکەر وگوێگر. پێموانیە بەدرێژایی مێژووی رۆشنبیری ئێمە، نووسین ئەوەندەی ئەمڕۆ بێبایەخ بوبێت. دەیان دەقی جوان بلآو ئەبنەوە و کەس بەدوو دێڕ لەسەریان نانووسێ، لەمانگێکدا دوو وتاری جوان لەسەر پیشانگایەك، کۆنسێرتێکی گۆرانی و مۆسیقا نابینم.

گومانم نیە ئەو فەوزایەی کە بەرۆکی نوسینی ئێمەی گرتوە، زیانی گەورە ئەدات لەرەوتی رۆژنامەگەری و نووسینی ئێمە. کە ئەگەر یەکێك لەهەرە لاپەرە تاریکەکانی مێژووی نووسینی ئێمە نەبێت، ئەوا گومانم نیە کە لاپەڕەیەکی بێناز و ناشیرینی ئەو مێژووەیە.